
لەهەرێمی کوردستان یاری ڕبلەکس قەدەغەدەکرێت



وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم، کەمپانیاکانی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی ئاگادار کردووەتەوە، تا یاری (ڕبلەکس)، سانسەر بکەن و لێناو پاکێجی ئینتەرنێتی خزانی قەدەغەی بکەن.

ئەم پێنجشەممە، ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٥، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم، بڕیاری دا بە زیادکردنی یاری ڕبلەکس بە لیستی ئەو بەرنامە، مالپەڕ و ئەپلیکێیشنانەی کە پێشتوور سانسەر کراون.

هاوکات وەزارەتەکە لە نووسراوێکدا، سەرجەم کەمپانیاکانی پێشکێشکردنی خزمەتگوزاریی ئینتەرنێتی لە هەرێمی کوردستان ئاگادار کردەوە کە پێویستە پابەندبن بە قەدەغەکردنی یاری ڕبلەکس لێناو پاکێجی ئینتەرنێتی خزانی.